# ڕێگرتن لە یادی لینین و بەزمی عاشورای حوسەین

ئازاد بەکر

یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک پیشەی باوی خۆی ڕێگە لە یادکردنەوەی لینین دەگرێت و یادی عاشورای حوسەین دەکاتەوە. جێ ی خۆیەتی جارێکی تریش کار و کردەوەکانی ئەم تاقمە مافیا و تالانچی یە شەرمەزار و ڕسوا بکەین. ئەمانە هەمیشە دووپاتی دەکەنەوە کە هاوکار و هاوپشتی کۆنەپەرستانی ئیسلامین و بۆ دڵڕاگرتنی حیزب و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی وەک جمهوری ئیسلامی و پاراستنی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتیان بۆ ڕۆژێکیش دەستیان لە دەستی کۆنەپەرستان نا  بێتەوە و شەرم و شورەیی مرۆڤانە نایانگرێ.
یەکێتی ڕێ لە یادی لینین دەگرێت چونکە دەزانێ لینین نوێنەری جەسور و ڕابەری سیاسی پرۆلیتاریای جیهان بوو، چونکە یادکردنی فیکر و دەنگ و ڕەنگی بەرزی لینین مانای شکست و رووخانی بۆرژوازی یە لە دنیادا، مانای نەهێشتنی ستەم و چەوسانەوە و بێمافی و سەرنگونی سەرمایەداری یە، مانای نارەزایی و یەکگرتن و چوونە پێشەوەی چینی پێشرەوی کۆمەڵگە و ئامادەییانە بۆ پەلاماردان و شۆڕشکردن بە ڕووی ناتەواویەکانی ئەم نیزامە دز و گەندەڵ و تاوانبارەی دەستی بەسەر سامان و بەرهەمی کۆمەڵگەدا گرتووە. هەمیشە بۆرژوازی لە هەوڵی نەهێشتنی ئازادی ڕادەربرین و کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری و کرێکاری چەپ و کۆمۆنیستیدایە، چونکە دەزانێ بەرز ڕاگرتنی یادی لینین یانی هیوا بوونە بە دووبارەکردنەوەی ڕاپەڕینێکی کرێکاری و جەماوەری تری لینینی .
لینین خاوەنی ئەقڵ و ئیرادەیەکی پۆلایین بوو، ڕابەرێکی ئازا و شۆڕشگێری ڕاستەقینەبوو، لینین باوەری تەواوی بە کرێکاران و زەحمەتکێشانی شارو لادێ هەبوو، بێگومان بوو پاشەڕۆژ هەر بۆ چینی چەوساوەیە و سەرکەوتن هەر بۆ چینی کرێکاری رووسی و جیهانی یە، لینین کەسایەتیەکی بەهێز و شۆڕشگێڕی نێو کۆمەڵگەی رووسی بوو. خەبات و تێکۆشانی لە نێو کرێکاران و بەشمەینەتانی شار و لادێدا ڕەنگی دابووەوە. لینین هەموو ژیانی لە پێناوی سەرکەوتنی چینی کریاردا تەرخانکرد و بۆ چرکەیەک لە کرێکاران دوورنەکەوتەوە. لینین خزمەتێکی گەورەی بە چینی کرێکار کرد و داهێنانی نوێی لە ئاوێتەکردنی تیۆری و پراکتیکەوە پێشکەش بە ڕێبازی ئەو چینەکرد، هەوڵی زۆریدا تا مارکسیزمی لە ڕیڤیژینزم جیاکردەوە و بەکردەوە توانایی بوونی سۆشیالیزمی سەلماند.
ئێستاش بۆرژوازی جیهانی سڵ لەناوی لینین لێدەکەنەوە چونکە زۆر سەرسەختانە لەپێناوی مەسەلەی چینی چەوساوەدا خەباتی کرد، دوای هەزارەها پروپاگەندە و تانەو تەشەر و درۆ و هەڵبەستنی چەندەها ڕووداوی دروستکرا و بە ناوی لینینەوە، بۆرژوازی جیهانی نەیتوانیوە لە شۆڕشگێڕی و ڕابەری و کەسایەتی ئەو بلیمەتە مەزنە کەم بکاتەوە، هەر ئەوەش بوو وایکرد کە بۆرژوازی جیهانی هەوڵی تیرۆرکردنی بدەن و برینداریان کرد و پاش ماوەیەکی دوورو درێژ بە هۆی کاریگەری برینەکەیەوە بۆ دواجار چاوی لێکنا و ماڵئاوایی لە هاورێیانی کرد.
لینین ئەو کۆمۆنیستە نەمرەیە کە توانی گێژاوی سیستەمی سەرمایەداری زۆر بەقووڵی هەست پێبکات و بەووردی و هۆشیاریەوە شیکردنەوەی بۆ ئەو سیستەمەکرد و زۆر لە نزیکەوە سەرمایەی ناسی و ڕێگەچارەی مارکسیزمیانەی بۆ کۆتایی هێنان بەو ڕژێمە دڕندەیە خستەدەستی چینی کرێکار. لینین پەرەی بە کاری ڕێخستنی چینی کرێکاردا،هەوڵ و وانە و ئەزموونی کۆمۆنیستی شۆڕشگێرانەی لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری چینی کرێکار و دامەزراندنی سۆشیالیزمدا سەرتاپای بزووتنەوە زیندووەکانی جیهانی گرتەوە.
لینین ئەو ڕابەرە چالاک و کۆمۆنیستە کۆڵنەدەرە بوو هەمیشە لە داهێنان و ووردبوونەوە و پێشکەوتندا بوو، هەتا لەسەردەمی شۆڕشیدا شۆڕشی لەناو شۆڕشدا دەکرد و زۆر هەستیا ر و زانابوو لە بواری فەلسەفی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە لە نوکی پێوە تا تەوقی سەری سیاسەتمەدارێکی ووره بەرز و خاوەن پراکتیکی هۆشمەند و شۆڕشگێڕ بوو.

لینین ئەو سەرکردە بەهێز و پڕ جەسارەتە بوو هەتا سەرکردەکانی بۆرژوازی دنیا باسی لیهاتووی و بلیمەتی ئەویان دەکرد، سەردەمێک بوو هەموو دەسەلآتدارانی دیکتاتۆ ر و ملهوڕی دنیا لە شۆڕش و پەلاماری چینی کرێکار دەسلەمینەوە، چونکە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئیتر وورده وورده کاریگەری ئەم شۆڕشە هەموو کەنار و شوێنێکی جیهانی گرتەوە.
یەکێتی دەیەوێ بەم ڕەفتارەی دوژمنکاری خۆی بۆ کۆمۆنیزم و ڕابەرانی ئەورێبازە دووپات بکاتەوە، دەیەوێ ڕێ لە هیواو ئاواتی خەڵکی بەشمەینەت لە یەکسانی و ئازادی و ژیانێکی باشتردا بۆ ڕزگاری ئینسانەکان لە چەوسانەوە بگرێت.
یەکێتی تەواو خزاوەتە باوەشی کۆنەپەرستانەوە و هیچ ڕوخسارێکی شارستانی و مۆدێرنی پێوە نەماوە و ئەمڕۆ لە پێناوی پڕکردنی زیاتری گیرفانەکانیادا گۆماوی خوێن دەخولقێنن. کاتێ خەڵکی ناڕازی بەگژیاندا دەچنەوە و داواکاریە ڕەواکانیان دەدەن بە ڕوویاندا ئەمانە بە زمانی گرتن و لێدان و سەرکوت وەلامیاندەدەنەوە. بەلآم بۆ مەرامی سیاسی خۆیان هەرچی کۆنەپەرستانی مەجلسە دواکەوتووەکەی بەغدایە دەیهێنن بۆ هاوینەهەوارەکانی کوردستان و لە پارووی دزراوی دەمی خەڵکی هەژار ڕۆژانە خەریکی یاد و بۆنەو زکر و عاشورا و بەزمی دواکەوتووی ناشارستانی و بۆگەن و ڕزیوی سەدەی بەردینن و ملیان ژەندووەتە زەلکاوی جەهل و نەزانینەوە.
ئەوان دەبێ ڕێ لە یادی لینین بگرن چونکە بەشێکن لە بۆرژوازی جیهانی و بۆ پاراستنی کورسی و سامانی بەتالآنبراوی خەڵک دژی ئازادی و یەکسانی و لینینزم و مارکسیزمن بەم کردەوانەشیان ناتوانن پاساوی مێژووی ڕەشی تاوانکاریان بدەنەوە.
با شاگردانی بۆرژوازی جیهانی باش بزانن، لینینی مەزن لەسەر چیا سەرکەشەکانی ئەم جیهانە پڕ نابەرابەری و پڕ چەوسانەوەیەوە هاواردەکا و پێتان دەڵێ ئێوە خۆتان و بیروباوەڕەکانتان مردوون، زوڵم وزۆرداریتان نیشانەی داماوی و بێدەسەلآتی سیاسی و نادادپەروەریتانە، ئێوە لە بیرتان چوو کەچۆن ئاپۆڕەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری کرێکاری تەختی قەیسەری رووسی و هاوشێوەکانی سەرمایەی لەم جیهانەدا هێنایە لەرزین و لەبەر شالآو و پەلاماری خەڵکی شۆڕشگێڕدا ملیان شکاو بەچۆکدا هاتن، لینین هۆشیاریدا بە سەرجەم کرێکارانی دنیا بۆ هەڵمەت و شۆڕش و وەستانەوە دژی سیستەمی نا مرۆڤانەی سەرمایەداری.
لینین هەمەموو ژیانی لەپێناوی سەرخستنی چینی کرێکار و چەوساوەکاندا بۆ ڕزگاربوون لە ستەمی چینایەتی و گەیشتن بە سۆشیالیزم تەرخانکرد و هەر لەوپێناوەشدا گیانی لەدەستدا. تا ئێستاش سەرجەم بۆرژوازی جیهانی لەناوی لینین و بیری لینین و حیزبی لینین و تا لاشەکەشی دەترسن و ناتوانن لە بایەخ و لێهاتووی ئەم سەرکردە شۆڕشگێڕە کەم کەنەوە.
لینین بەکردەوە فێری کردین چۆن دەست بۆ پراکتیک و تیۆری مارکسیزم ببەین و بۆگەیشتن بە ئازادی و یەکسانی و سۆشیالیزم بە ئاسۆی ڕۆشن و کۆمۆنیزمی ئاشناکردین، گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی فیکری نووسراوی لە کتێب و ووتار و نووسراو بۆ بەجێهێشتین. لینین مێژوویەکی پڕ لە خەبات و تێکۆشان و سەروەری بۆ کرێکاران تۆمارکرد و تێکۆشەرێکی ئینتەرناشیۆنالیزم بوو. لینین کۆچی کرد بەلآم بیروباوەڕەکەی هەمیشە زیندووە، چونکە کۆمۆنیزمی شێوازی لینین، کە لینینزمە گوڕوگەرم و زیندووە لە ئماندا و بۆ هەتا هەتایە کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی جیهان شانازی پێوە ئەکەن..
نەمری و سەربەرزی بۆ لینین و لینینزم
ڕووخان و ملکەچی بۆ بۆرژوازی